نامه یه ك بۆ سكرتێری گیشتی حیزبی كه ران!!

..ئه ی كه رانی جیهان یه كگرن.. نامۆ سامان

به یانه فه رمییه دوو قۆڵیه كه ی ده وڵه تی به ریتانی و عیراقی جاران له 22كانوونی یه كه می 1922 ددانیان به وه دا نا كه كورد
مافی ئه وه ی هه یه له سنوری عیراقدا ده وڵه تی خۆی دامه زرێنی به لاّم به تۆپزی لكێنرا به عێراقه وه به بێ ره زامه ندی خه ڵكه كه ی
پاش 83 ساڵ به به رچاوانی هه موو كامێرای دنیاوه به په نجه ی مۆره وه و به سه رچۆپی و هه لهه له وه به قاچی خۆمان به ده ستی خۆمان
چووینه ناو عێراقه وه بۆ هه موو دنیامان سه لماند كه ئێمه ده وڵه تمان ناوێت وه گوڵبارانی ئه مه ریكێكانمان كرد سه لماندمان بۆ ماسمیدیای جیهان
كه كورد ئاشتی خوازه و شه ری ناوێ وه به درێژای ئه م چه ند ساڵه یش دوای رووخانی عێراق هه وڵمان داوه ئاشتیو ته بای له ناو عه ره بی سونی و
عه ره بی شیعه دا دروست بكه ین كه به پێچه وانه وه ده بوایه سودمان لێوه رگرتنایه
به لاّم دایمه نوكی خه نجه رو لووله ی تفه نگه كانمان له سه ر ملی یه كتری بووه بۆ كوشتن بۆ ماڵوێرانی بۆ خیانه ت ئێمه له وه ته ی
هه ین به شێكین له خیانه ت به لاّم به خۆمانی نازانین .ئه مرۆكه خیانه ت بووه به هه ڵه ی سیاسی كه ئه مه خۆی له خۆیدا كاره ساته
خانوویه كمان هه بوو ناومان نابوو په رله مان پێیه كمان تێنه كرد تێكمان دایه وه له بنه وه رووخانمان چووین
په رله مانی عێراقیمان دروستكرد ئینجا داوای مافه كانی گه لی كوردمان لێكردن كه نه یان داینێ .
رێككه وتنی پۆستی سه رۆك كۆمار پۆستی سه رۆكی هه ریم و دابه شكردنی ده سه لاّت به بێ گوێدانی خه ڵكی كورد
فێڵك بوو كه هه ر دوو حیزب وویستیان له یه كی بكه ن به لاّم ملی هه ردووكیانی تیا شكا.
به فیكه یه ك له گه ڵ دووژمندا رێكده كه وین به لاّم 35 ساڵه وه عدی شه رف ئه ده ین به و خه ڵكه كه رێكناكه وین!
له وه ته ی ئه م دنیایه هه یه ژیان به ده ست تاكه كانه وه بوو به لاّم تاكه كانی گه ره كی ئێمه دایمه په ره وازه كراوون دایمه تیرۆر كراوون
دایمه نه ك تیرۆری جه سه دی به ڵكو ده روونی و رۆحیش ئازار دراون دایمه هه وڵیان داوه خه ڵكی به چاوی سوكه وه تێیان بروانێ
سه رانی كوردو سیاسه ت مه دارانی كورد به س له ته له فیزۆندا جوانن كه قسه مان بۆ ده كه ن هه ر وه كو چۆن ئه ورویا له كارتا جوانه
به لام له ناخا مه نفایه كه بۆ خۆی یان چۆن به فرو چیاو شاخ له پۆست كارتدا جوانن!
ئه گه ر چاوه روانی ئه م حیزبانه بین هه ر هه مووان له ناخا سه رگه ردانو توشی سه دان نه خۆشی ده روونی ده بین وه كو بووین.
هه زار ساڵ بیكه ی بێگانه په رستی هه ر ده بێت بینۆشی نشووستی!
حه قیقه ت ده ڵێ كوردوستان داگیركراو دابه شكراوه لۆژیك ده ڵێت 35 ساڵه باشوری كوردوستان به ده ست حیزبه كانه وه ده ناڵێن.
تۆ له و دووره قسه مه كه ئێمه لێره وه به كۆمه ڵی فایلی ره شه وه بریاری چاره نووسی تۆ ئه ده ین!

سڵاوێکی که رانه تان لێبێت!
ئاخ خۆزگه ده چوومه چاویلکه ی ئێوه وه تاکو ئه م دنیایه م به سه وزی ده بینی!
بابه ت: به ره و و مه نفا بوون!
منی دوو پێێ که له ساڵه کانی به رده وه هاتووم.. پێش خواکانی شه ر و پێش ساڵه رووتو قاتێکان
پێش دڵداره درۆزنه کان ئه و په نجه ره ی منی تیا بووم پانتایی به قه د هه موو ده شتی شاره زوورو
هه موو سنووری چیاکانی حه مرینو تا ده گاته به ر ده م قاپی خودا من له یه وه چاوه کانم به م دوو پێ
ره زا قورسه هه ڵهێنا ئێستاکه یش ئه م دنیایه جێگای جووتێ قۆنه ره می تیا نابێته وه بۆ له پێکردن.
منی دوو پێێ که به شێك بووم له ئازارو ماڵوێرانی که به شێك بووم له کاولبوون و نه فره ت
منی دوو پێێ که له وه ته ی هه م و نیم به شێکم تاوانو خیانه ت
به درێژای ساڵه کانی ئه م به ر په نجه ره یه نه متوانی گوڵێك له یه خه ی مرۆڤ بده م
که من نه متوانی له میحرابی ئه ودا سێبه رێك له ئه شق بچنم
که من نه متوانی وه ك خوا ته نیاو وه ك په پوله ئاشق و
وه ك پایز پر له هه ڵوه رینی رۆح
پر چپه ی [با]و
پر له موحیبه ت بم
که من نه متوانی به که له سمه کانی نیشتمانی ئه شق بگه م
که من نه متوانی ئێواره ك وه ك په پوله پایزه له رۆحی ئه ودا هه ڵوه رێم
که من نه متوانی په نجه کانم به سێبه ری ئه شقا بلکێنم
که من نه متوانی دوای فرینی ریشۆڵه کان
ئێواره یه ك پر له گمه ی کۆترو
رۆحی شا ر به فه نه ری ئه شقا هه ڵواسم
که من نه متوانی به م ته مه نه وه قردێله یه ك له یه خه ی ئه شق بده م
که من نه متوانی وه ك مرۆڤ دووپێ و وه ك رۆحی ئێوه یش پر له زه رین !!
هاتووم له به رده م ماڵه سه وزینه که ی ئێوه دا خه ون به ئاسوده ییه وه ببینم
هاتووم وه کو باران له ناخی ئێوه دا سه وز بم
بمچێنه ئه ی سیحری جوانی بمچێنه
ئه ی نه سیمی ئه شق
ئه ی چرپه ی [با]
بمچێنه و له پێکه نیندا هه ڵمگره
بمخه ره به ر ویژدانی ئه م دووپێیه و پێی بڵێ:
چ شتێك له ئه شق پاکترو
له ئه شق رۆح سوکتر و
له منداڵ جوانتر بوو
ئێوه به ته نافی خیانه تا هه ڵتانواسی!
به م دوو پێیه بڵێن خانویه کمان هه بوو پر له شنه ی [با]و پر موحیبه ت
ناومان نابوو نیشتیمان ئێوه هاتن به دڵێکی پیسه وه پرتان کرد له فه له سه فه ی رزیو
پرتان کرد له دووبه ره کیو پرتان کرد له خیانه ت
ژوورێکمان هه بوو ده رسی ئه شقمان تیا ده ووته وه دیواره کانی ره نگ په مه یی
ئاشنا به رۆحی مرۆڤ
ئێوه هاتن به زه وقێکی پیسه وه وانه ی له تبوونی گه ردیله کانو ...
وانه ی له تبوونی وه رزه کانو.. وانه ی له تبوونی رۆژه کانتان تیاووته وه..
جاران به کۆڵانی ئه م نیشتیمانه دا ره تده بووم

کلاوکوره کانی ئه شق به ده م شنه ی ئێواره وه
به ده م ئازاری په نجه و ماندووبونی سێبه ره کانه وه
ده ستیان ده گرتم
به ده م تریقه ی ووردیله کانه وه ئه یان سپاردم به ماڵه کانی موحیبه ته وه
جاران که هه موو شتێك ره نگی نیشتیمانی گرتبوو
بۆنی ئه شق و بۆنی موحیبه تی لێده هات
ئێمه ماڵێکمان هه بوو له وێ بۆ ئه شق
جاران که هه موو شتێك نیشانه بوو بۆ ئه وین
ئێمه له وێ ماڵێکمان هه بوو
ماڵێکمان هه بوو به ته نیشت په یکه ری ئه شقه وه
ئێستاکه نیشتیمانه که م نامناسێته وه
جاران باشورێکمان هه بوو کوردوستانی ناو بوو
ئێستاکه کوردوستانێکمان هه یه وعێراقی ناوه
ئێستا هه موو شتێك بۆنی غه ریبی لێدهێت
ئێستا هه موو شتێك بۆ نی خیانه تو بۆنی تاعون بۆنی دۆلاری لێدێت
ئه ی رۆحی سپی وه ره بمبه ره وه بۆ نیشتیمان
بۆ ئه و نیشتیمانه ی که دووپێکان هاتنو سپاردیان به خیانه ت
سپاردیان به شمشێرو به عروبیه ت
بمبه ره وه بۆ به رده م ئه و ئاوێنه یی که دووپێکان
نیشتمانه که میان تیا ئه تکرد
بۆ ئه و خانویه ی که دروستمان کرد ناومان نا ئه شق
ئه ی رۆحی سپی بروانه چۆن به گه نجی پیر بووین
چ زوو ئێمه وا گه وره بووین
ئه ی رۆحی سپی چ کاره ستاێکه ئێمه لێره ده مرین و بستێ خاك نییه لاشه مان بگرێته خۆی
چ کاره ساتێکه به زیندووی نیشتیمان جێهێشت
چ کاره ساتێکه نیشتیمان به به ر چاوانی هه ر هه موومانه وه مه زاد ده کرێت\
********************************************
50 ساڵ تفه نگ
30 ساڵ خۆ کوژی
10 ساڵ کۆچ
ئێستاکه به م ته مه نی خۆڵه مێشیه وه
به م سوێسکه ی دڵه و خورنشینی په نجه ره یه وه
جه نگ بێت یان ئاشتی به من چی
شه وه کان به گوناحه کان سپی نابێت هاورێ
تازه باور ناکه م چاڵه کانی جه نگ
به ر له سه ر بریبنی سێبه ره کانی ئێواره و
به ر له کوشتنی سفره ی ئێواره و
به ر له کوشتنی ریشۆڵه کانی ئێواره
گوڵێك تیایه بروێ
*******************************************
ئه گه ر پیاوێك هاتوو لێی پرسین ئێوه چ وا زوو گه وره بوون بڵێن:
ئێمه خانویه کمان هه بوو ناومان نابوو نیشتیمان به ته نیشت په یکه ری ئه شقه وه
که دووپێکان هاتن به ناوی شه قامی تازه وه په یکه ری ئه شقیان رووخاند

ئیتر ئێمه به بێ ئه وه به خۆ بزانیین گه وره بووین ...
ئێستایش به ناوی دیموکراسییه وه شه قامێك لێده ن له پایته ختی عروبه وه
ناویان ناوه شه قامی دیموکراسی و به نێوه ندی رۆحمان تێده په رێت تا رۆحی پێنج هه زار و
هه شت هه زارو تا سه دو هه شتاو دوو هه زار ده برێ ناوه ستێته وه
من ده ڵێم ئه وه شه قامی عروبیه ،،
شه قامی شمشێر و سه ده ی جه هه ل و به رده پیاماتێده په رێت
که چی دووپێکانی گه ره که مان ده ڵێن نا ئه وه شه قامی دیموکراسیه
هه ندێ جار که پیاوێك چاڵێك هه ڵده که نێ بۆ ئه وه ی مردویه کی تیا بنێژێ
هه ندێ جار که پیاوێك چاڵێك هه ڵده که نێ بۆ ئه وه ی حه قیقه تێکی تیا ده ستکه وێت
که چی ئه و دووپێیه ی گه ره کی ئێمه چاڵێکی هه ڵکه ندوو
بۆ ئه وه ی حه قیقه تێکو زیندوویه کی تیا بنێژێت
هاتووم له به ر ده م ئاوێنه ی ماڵه سه وزینه که ی ئێوه دا خه ون به ئارامیه وه ببینم
ئای که ماندووم ..هاتووم به په ناهێنده ی له حه قیقه تی نیشتیمانه که ی ئێوه دا
وه ك شایه ت بۆ به رده م دادگای حه قیقه ت به ئامانه ت هه ڵمگرن
هاتووم به ته نها ده مه وێت له و سیحری فه نه ی ئێوه بگه م
ئێوه چۆن توانیتان بانگه وازی یه کبوون بده ن به گوێ هه رچی که ری دنیایه
له کاتێکدا ئێمه ی دوو پێێ نه مان توانی له دووی خۆمان سێبه رێك له ئه شق بچنین
سێبه رێك بۆ کوکوختێکانی نیشتیمان جێبێڵین
له دووی خۆمان له سووتانو کاولبوونو ته ره بوونی مه له کانی ئه شق نه بێت
هیچی ترمان بۆ وه فای ئه م دنیایه جێنه هێشت ..

مافی که ر راگرن
ئیمزا
نامۆ سامان /ستۆکۆڵم
050525